# پێکهاتەخوازیی فەڕەنسا و دوای ئەو

## (دو سۆسێر، لیڤی - شتراوس، بارت، لاکان، فووکۆ)

**هیو جی. سیلڤێرمەن**
**لە فارسییەوە: سەعید کاکی**
**(سەقز)**

### فێردینان دو سۆسێر

مێژووی پێکهاتەخوازی بە پێی فێردینان دو سۆسێر (١٨٥٧- ١٩١٣) مەحاڵە. ئەم زماننناسە سویسرییە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ژنێڤ وانەی دەگوتەوە و ڕێگەی بۆ شتێک خۆش کرد دواتر لە دوو و نیو دەیەی دوای دووەمین جەنگی جیهانی بە ناوی پێکهاتەخوازیی ناسرا، ئەو کەسایەتییانەی لەسەر پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە لە دەیەی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ دەسەڵاتیان بووە، بریتی بوون لە کلۆد لیڤی - شتراوس (لەدایکبوونی ١٩٠٨)، ژاک لاکان (١٩٠١ - ١٩٨٢) و ڕۆلان بارت (١٩١٥- ١٩٨٠). تا دەیەی ١٩٦٠ پۆلێنە بەردەوامەکانی میشێل فووکۆ (١٩٢٦ - ١٩٨٤)، تەنانەت ڕەتدانەوەی پێکهاتەخوازی لە لایەن ئەو، ڕێگە نوێیەکانی بۆ ئەو شتەی کە بۆ پاش پێکهاتەخوازی گۆڕا، دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین، جێی سەرسوڕمان ئەوەیە هاوتەریب لەگەڵ ئەوە پەرەسەندنی دیاردەناسی ئیگزیستانس لە فەڕەنسا بە ئاقارێکی جیاوازدا تێپەڕی.

ئەگەری هەیە جگە لە هۆگرییەکانی مووریس مێرلۆ - پۆنتی (١٩٠٨ - ١٩٦١) بۆ جێگرەوەی پێکهاتەخوازانە، پێکهاتەخوازی کاریگەری کەمی لەسەر پەرەسەندنی فینۆمینۆلۆجی وەک بزووتنەوەی فەلسەفی هەبووە، یان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە، بەڵام پاش پێکهاتەخوازیی خاڵی گرێدانی ئەم دوو میتودە فەلسەفییە جیاوازەیە و هێمای سەرهەڵدانی شێوازی بیرکردنەوەیەکی تەواو نوێ بوو لە کۆنەوارناسی، ناسینی فووکۆ لە لایەک و تێکوپێکهێنانی درێدا (لەدایکبووی ١٩٣٠) لە لایەکی دیکە ڕاست دەبێتەوە، بەڵام لەم بەشەدا ئامانجم ئەوە بووە فووکۆ بە نوێنەری ئەم گەشە



**دو سۆسێر**

نوێیە لەبەرچاو بگرم.[١]

پێکهاتەخوازی و بەتایبەتی پێکهاتەخوازیی فەرەنسا ناکرێ جیا لە نیشانەناسی(١) دو سۆسێر تێی بگەین. بە بۆچوونی دو سۆسێر، هەروەها کە لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی دوای مردنی ئەو لە (وانەیەک لەبارەی زمانناسی گشتی(٢) )(١٩١٦) بە ڕوونی باسی لەسەر کراوە، بەرهەمێکە کۆکراوەی چەندان ساڵ وانە گوتنەوەی ئەم زمانناسە سویسرییە لە ژنێڤە «١,١١» نیشانەناسی (زانستی گشتی نیشانەکانە). دو سۆسێر تێگەیشتنێکی نوێی لە چەمکی (نیشانە) پێشنیار کردووە، ئەو بەڵگەی دەهێنایەوە نیشانە وشە نییە، بەڵکو نیشانە لە لایەک وشەیە و لە لایەکی دیکە چەمکە، ئەو ئەم دوو تایبەتمەندییەی نیشانەی بە (دەلالەتکار/ دال(٣) ) و (مەدلوول(٤) ) ناودێر کردبوو. دەلالەتکار هەر ئەو وشەیە ئیشی دەلالەتکردن جێبەجێ دەکات. مەدلوول هەمان چەمکە دەلالەتی بۆ دەکرێت. ئەم دوو تایبەتمەندییە لە پاڵ یەکتری جووتێک هاوتا بە ناوی نیشانە پێکدەهێنن. نموونەی پێوەری دو سۆسێر بۆ ئەم پێوەندییە دووانەییە پێشکەشی دەکات وشەی دار و چەمکی (دارە)، بەڵام نیشانە تا ئەو کاتەی کە لە نیشانەکان لە هەمان سیستم، یان زمان جیا نەبێتەوە، هێشتا نیشانە نییە.

نیشانە ناتوانێ خۆی لە خۆیدا، بوونی هەبێت، واتە لە هەموو توخمەکانی دیکەی زمان جیا بێتەوە.

ڕاستییەکەی دو سۆسێر، نیشانەی بەم شێوەیە پێناسە کردووە لە ڕێگەی جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ تێکڕای نیشانەکانی دیکە لە سیستمی نیشانەیەک دیاری دەکرێت. لە ئەنجامدا نیشانەی دار، لە ڕێگەی جیاوازیی خۆی لەگەڵ نیشانەکانی دیکەی وەک خانوو، باڵندە و ئاسمان، نیشانەی (دار) دیاری دەکرێت. نیشانەی دار لەگەڵ نیشانەی arbre، یان نیشانەی Baum، arbor، یان arbol جیاوازی هەیە. هەرکام لەم نیشانانەی دیکە بەشێک لە سیستمی نیشانەیی جیاوازن: arbre زمانی فەرەنسییە، Baum زمانی ئاڵمانییە، arbol زمانی ئیسپانیایە. بە هۆی ئەوەی کە ئەوانە بەشێک لە سیستمی نیشانەی یەکە نین، تەنیا لە سیستمە نیشانەییە پێوەندیدارەکەی خۆی نیشانەن، هەروەها کە دو سۆسێر ڕوونی کردووەتەوە.

پێوەندی نێوان دەلالەتکار و مەدلوول بە تەواوەتی خۆحەزییە. ئەوەی کە چەمک، یان مەدلوولی (دار) لەگەڵ وشەی دار لە زمانی کوردیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت بە تەواوەتی خۆحەزییە. دەشیا ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا بە arbre، Baum، یان arbol ناودێر بکەین. ڕاستییەکەی لە زمانە جۆربەجۆرەکان دەلالەتکاری لەم شێوەیە دەستەبەر دەکەن. هەر لە نموونە کورتکراوەکانی ناودەنگەکانە(٥)، دەلالەتکار جۆرێک هان دەدرێت لەگەڵ مەدلوولە تایبەتەکەی هاوتایە، ئەم چییەتییە خۆحەزییە لەناو دەچێت.

لە کۆتاییدا حەپەحەپ بۆ وەڕەوەڕی گەماڵ، یان ناسک بۆ شتێکە ناسک و نەرمە، یان بوون - لە - جیهان بۆ بڵاوبوونەوەی بوونی ئێمە بە چەشنێکی پێوەندیدارتر لە زۆربەی وشەکاندا لەگەڵ چەمکەکانی هاوتاکانی خۆی پێوەندی هەیە. تاکە نیشانەیەک - تاکە دەلالەتکارێک [un signifiant] signifier و تاکە مەدلوولێک [un signifiant] signified یەکێک لە نیشانە زۆرەکانی ناو زمانێکە [langue] دەشێت ئەو تاکە زمانە langue کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسا، ئەڵمانی، ژاپۆنی، ڕووسی و زۆر شتی دیکە بێت. بۆ لێکدانەوەی langue پێویست بەوە ناکات شتێک خۆی لە خۆیدا بوترێت. لە ئەنجامدا دو سۆسێر چەمکی پێکەوەبەستراوی بە ناوی قسەکردن بە زمان، یان parole دەناسێنێت، ئەگەرچی langue لە ڕێگەی توخمێکەوە پێکدێت کە زمانێکی تایبەتی

پێکدەهێنێت، parole قسەکردن بەو زمانە لە بەستێنێکی دیاریکراودا لە کاتی دیاریکراوە. لە ئەنجامدا کاتێک من دەڵێم (دارە سەوزە بەرزەکان، هەستی مەزنایەتیمان پێ دەبەخشن) ئەم وشانە لەگەڵ (چەمکە هاوتاکانی) لە زمانی کوردیدا بە parole ناودێر دەکەین. ئەگەر من بڵێم (Ces grands arbres verts sont magnifiques) درکاندنی شتێکی دیکە بە زمانی فەڕەنسا بووم، بەڵام لە کۆنتێکستی تایبەتی و زمانیی دیاریکراوی زمانی فەڕەنسا بەکاری دێنم، ئەم وتنە بە parole ناودێر دەکرێت. دووانە (یان دووانەی لێکدژی) دیکە بە پێی ناوێکە سۆسێر جاروبار داویەتییە پاڵی، پێوەندی نێوان (هاونشینی/ زنجیرە(٦) ) و (سیستم) (یان پاڕادایمە). ڕستەی (دارە سەوزە بەرزەکان، هەستی مەزنایەتیمان پێ دەبەخشن) زنجیرەیەکی بەردەوامی نیشانەکانە و دوا بە دوای یەکتری دێن. ئەم نیشانانە وەک زنجیرەیەکی بەردەوام شوێن ڕێگەیەکی هاونشین دەکەون.

هەر نیشانەیەک لەگەڵ نیشانەی دوایی پێکەوە گرێ دراون و واتایەک هەیە ئەم زنجیرە بەردەوامە بەدی دێنێت. لە بەرانبەردا ئەگەر کەسێک لە باتی (بەرزی) نیشانەکانی دیکەی وەک (کورت)، (پان)، یان (شکۆداری) دابنێت، ڕستەکە بەم شێوەیە دەگۆڕرا: (دارە سەوزە کورتەکان (یان پانەکان، یان شکۆدارەکان) هەستی مەزنایەتیمان پێ دەبەخشن). ئەم ڕستە بەو وشە جێگرەوەکانی هێشتا واتای هەیە، بەڵام ئەم واتایە جیاوازە، تەنانەت لە دوو نموونەی یەکەمدا ئەم واتایە کەمێک سەرسوڕهێنەرە. ئەوەی بە تەواوەتی لەگەڵ (بەرزی)، (کورتی) و (پانی) ناگونجێت (شکۆدارە). سێ وشەی یەکەم هەموویان نیشانەکانی ئەندازەن. (شکۆداری) پێوەندی بە ڕێکخستنی ئەوی دیکەوە هەیە، بەڵام دەکرێ جێگەی (بەرزیش) بگرێتەوە، لە دەربڕینێکی بەربڵاوتردا. هەمووی ئەم وشانە، جێگەی بەشێک لە سیستمێک، یان (پاڕادایمێکی) یەکە بگرێتەوە. لە شرۆڤەیەکی بچووکتردا ئەم سیستمە لە ڕێگەی نیشانەکانی ئەندازە، بەڵام نەک نیشانە جێگرەوەکانی سنووردار بکرێن. هەرکام لە توخمەکانی ئەم ڕستەیە بە پێی نیشانە جێگرەوەکانی لێکدەدرێنەوە و هەرکامیان بەشێک لە سیستمێکی جیاواز پێکدەهێنن.

چوارەم لێکدژی دووانەیی نێوان ناوکاتی(٧) و هاوکاتییە(٨). توێژینەوەی ناوکاتی لەبارەی نیشانەی یۆنانی فەزیلەت «چاکەکاری»، واتە ئارتەیە(٩) و لە ڕێگەی فۆرمە لاتینییەکەی لە virtus فۆرمی نوێی ئیتاڵی بە شێوەی virtu شێوە فەڕەنسییەکەی vertu و دیسانەوە وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی (virtue) دووپات دەبێتەوە. لێکدانەوەی ئەم کارە بە درێژایی کات و دوابەدوای کاتییەکەی بە دەربڕینێک لێکدانەوەی گەشەکردنی بە درێژایی کات، وەک ئەوەی کە بە شێوەی مێژوویی ڕێگە پێ دراوە، بەڵام توێژینەوەی لەم شێوەیە، بابەتی گەشەی خۆی لە بەستێن و چوارچێوەکەی جیای دەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە توخمێکی مەبەستە و تێکڕای ئەم گەشەیە سەربەخۆ لە کەڵکەڵە پێوەندیدارەکەی پێداچوونەوەی بۆ دەکات. لە بەرانبەردا توێژینەوەی هاوکاتی لە کۆتاییدا لە کۆمەڵێک پێوەندی نێوان گشت پێکهاتەی نیشانەکان و توخمەکان دەکۆڵێتەوە کە هاوکاتی لە کۆتاییدا لە بەستێنێکی یەکەدا سەرهەڵ دەدا. نیشانەی ئارتە، لە پێوەندی لەگەڵ نیشانەکانی دیکە لەو کاتەدا لێکدەدرێنەوە: پایدیا (ڕاهێنان و ئارمانجە کولتوورییەکان) سۆفرۆسۆنە (مامناوەندی، خۆڕاگری) و زۆر شتی دیکەیە. لەو لایەنەی کە چەمکێکی تایبەتی لە بەستێنی بەربڵاودا لێ تێدەگەین، واتە لە بەستێنێکی کولتووریدا.

کاتێک توێژینەوەی هاوکاتی لە برگەیەکی کاتی تایبەت جێبەجێکرا دەکرێ ئەو برگە کاتییە لەگەڵ قۆناغە کاتییەکانی دیکە بەراورد بکرێت بۆ ئەوەی وێکچوونەکان و /، یان جیاوازییەکان لە ژمارەیەک لە برگە کاتییە جیاوازەکان ڕوون بکرێتەوە. دو سۆسێر وەک زمانناسێک لە کۆتاییدا خۆی بە زمانەوە سەرقاڵ کرد. ڕاستییەکەی گشت پرۆژەی پێکهاتەخوازی بەپێی مودێلی زمانی دادەڕێژرێت، ئەم مودێلە گریمانەی ئەوە دەکات ئەوەی لە دەرەوەی زماندایە، پێوەندی بە ئیشی زمانناسەوە نییە. لە ئەنجامدا یەکەم فۆرمەکانی پێکهاتەخوازی لە پۆلێنکردنە زمانناسانەکان بە پێی توێژینەوە لەبارەی زمان سنووردار کرابوو. بە پێچەوانەوە ڕۆلان بارت لە کتێبی (توخمەکانی نیشانەناسی(١٠) ) (١٩٦٤ «١١,٧») ڕوونی کردووەتەوە ئەگەرچی دو

سۆسێر لای وابوو پێوەندی بە زمانناسییەوە نییە، بەڵام بە بۆچوونی ئەو نیشانەناسی، بەشێک لە زمانناسییە. پۆلێنی بارت گریمانەی ئەوەی کردووە هەموو سیستمەکانی نیشانەناسی لە پێشدا جۆرێکی تایبەتی لە سیستمەکانی زمانن و من دواتر لە بۆچوونەکانی بارت دەکۆڵمەوە.

**کلۆد لیڤی – شتراوس**

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، کاتێک لیڤی شتراوس لە کۆتایی دەیەی ١٩٤٠ بنەمای پێکهاتەخوازی سەبارەت بە کەلکەڵەی خەڵکناسەکان بەکارهێنا، لەپێشدا سەرقاڵی پەرەدان بە مودێلی زمانی لەوپەڕی توێژینەوە لەبارەی زمان بوو. ئەم وتەیە واتای ئەوە دەدات، ئەگەرچی لیڤی – شتراوس وەک خەڵکناسێک سەرقاڵی پێکهاتەکانی بیرکردنەوە بوو. لە پێشدا هەمان بۆچوونێکی گۆڕیبوو، بارت دەریبڕیبوو: ئێتنۆلۆجی لە پێشدا پێوەندی بە زمانەوە هەیە و پێکهاتەخواز توانایی لێکدانەوەی هەیە، ئەگەرچی دو سۆسێر لە یەکەم دەیەی ئەم سەدەیە لەبارەی زمانناسی وانەی دەوتەوە تا دەیەی ١٩٣٠ درێژەی کێشا و کارەکەی کەوتە بەر دیدەی خوێنەران و بەستێنێکی بەربلاوتر لەبەردەست بێت. کتێبەکەی ئەو (وانەیەک لەبارەی زمانناسی گشتی) چارەنووسێکی هاوشێوەی ئەوەی بووە. کاتێک لیڤی – شتراوس بە درێژایی دووەمین جەنگی جیهانی بەرەو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی کرد. ئەم کۆچە بە ناچاری و بە هۆی پێویستی سیاسی و تاکەکەسی بوو، هەروەها کە ئەو بە وردەکاری سەرنجڕاکێش لە «بابەتە خەمبارەکان» باسی دەکات «١١,٣». کاتێک ئەو گەیشتە نیویۆرک، لە تاراوگە دەستی بە وانەوتنەوە کرد لە زانکۆ (دواتر ناوی خوێندنگەی نوێی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی) لێ نرا. ئەو بە درێژایی ئەم قۆناغە جاروبار ڕۆمەن جاکۆبسۆن(١١) (١٨٩٦ – ١٩٨٢) دەبینێت و دەکەونە قسەکردن (کۆچی ئەو، ئەوی لە ڕوسیا گەڕاندەوە بۆ پراگ و لەوێوە بۆ پاریس و دیسانەوە بۆ نیویۆرک پەلکێش کرد). جاکۆبسۆن، زمانناس بوو، ڕوانگەیەکە لەسەر فۆرمالیزمی ڕووسی بوویەتی، کاریگەری گرنگی لەسەر چەمکی پێکهاتە بووە.

ڕاستییەکەی لە لایەک لیڤی – شتراوس و لە لایەکی



**کلۆد لیڤی شتراوس**

دیکەش جاکۆبسۆن لەگەڵ یەکتری لەبارەی خوێندنەوەیەکی نوێ لە شیعری بۆدلێر بە ناوی (پشیلەکان) کاریان کردبوو. ئایدیاکە ئەوە بوو، توێژینەوەیەکی پێکهاتەیی لەم شیعرە پێشکەش بکرێت. خوێندنەوەی ئەوانە سەرڕاست و وردبینانە بوو. ئەوان لایەنگرییان لەم بابەتە دەکرد ئەم شیعرە چۆن تایبەتمەندی پێکهاتەیی، ڕێچکە و سێنتاکسی پیشان بدات بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە وەک گشتێک پێک بهێنێت. لایەنی دیکە جاکۆبسۆن حەزی لێ بوو، خوازە و تەوس لە (بنەڕەتەکانی زمانی(١٢) ) ئەو «١١,٥٠» بە پێی دوو جۆر زمان ئاڵۆزی(١٣) گەلاڵە کرا. خوازەی وەک جێگرەوەی تەوس بە ناوونیشانی Norman Malcolm جێگرەوە لە ڕێگەی نزیکایەتییە(١٤).[٢] لیڤی – شتراوس لە دوای جەنگ وەک ڕاوێژکاری کولتووریی باڵیۆزی فەرەنسا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٩٤٦ – ١٩٤٧) کاری دەکرد. دواتر ئەو گەڕایەوە بۆ فەرەنسا و لەوێ پیشەی خۆی لە «خوێندنگەی کارکردی توێژینەوە باڵاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان» (دواتر چەمکی کارکردی پاک کرایەوە) و توێژینەوەی خۆی لە بواری خەڵکناسی پێکهاتەیی سەرلەنوێ دامەزراندەوە. ئەو لە ساڵی ١٩٤٩ بەرهەمی سەرەکی خۆی نووسی، واتە (پێکهاتەی سەرەتایی خزمایەتی(١٥) ) «١١,٢».

لێرەدا چەمکی خزمایەتی بە هۆی پێوەندییەکە لەگەڵ

تێگەیشتنی لیڤی - شتراوس لەسەر پێکهاتەخوازی هەیەتی، بەراوردێکە ئەو لە نێوان زۆربەی گێڕانەوە ئێتنیکییە جۆربەجۆرەکان لەسەر خزمایەتی هەیەتی لە تەواوی جیهاندا گەڵاڵە کرا. ڕوانگەی ئەو، ئەوە بوو، بە پێچەوانەی کۆمەڵێک جیاوازیی سەرنجڕاکێش لە بۆنە خزمایەتییەکان لە کولتووره جیاوازەکان هەیە، پێکهاتە هاوبەشەکان لە بنچینەی ئەم نموونە فرەڕەهەندە باوەی خزمایەتی دووپات دەبێتەوە. چییەتی ڕاستەقینەی ئەم پێوەندییە دەشێت، لە بەستێنێک بۆ بەستێنێکی دیکە جیاوازی هەبێت، بەڵام ئەوەی ناگۆڕڕێت خودی پێوەندییەکەیە. هەر پێوەندییەک بەشێک لە گشتی پێکهاتەیەکە، هیچ توخمێکی وردبینانەی سەربەخۆ لە توخمەکانی دیکە نییە، بۆیە ناکرێ هاوتاییەکی هاوشێوەی لە نێوان بەشێک لە پێکهاتەیەکی دیکە لەگەڵ بەشێک لە پێکهاتەی دیکە پێکدێنێت. گشت پێکهاتەکە دەبێت لەگەڵ گشت پێکهاتەی دیکە بەراورد بکرێت بۆ ئەوەی شیکاری گونجاو دەستەبەر بکات.

بۆ نموونە لیڤی - شتراوس بە تایبەتی، یان پێوەندی، یان خزمایەتی - بە خاڵۆبوون هۆگری بووە. ئەو توێژینەوە بەربڵاوەکان لەبارەی زۆربەی کولتوورەکان، کۆمەڵگەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان تێدەگات، ڕۆڵی خاڵۆ گەلێک هەستیارە. لێرەدا پێوەندی باوک - دایک، پێوەندی دایک - باوک و کوڕ، پێوەندی کوڕ - خاڵۆ و پێوەندی دایک - برا هەیە. هەرکام لەم پێوەندییانە ئەگەر سەربەخۆ لێی تێبگەین، ناواخنی تایبەتی هەیە. لەم کەیسەدا ئەرێنی و لەبارەی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و لە کەیسێکی دیکەدا نەرێنی و ڕەتکراوەیە. لیڤی - شتراوس دیاری کرد بە پشت بەستن بە بەها ئەرێنی، یان نەرێنی هەرکام لەم پێوەندییانە لە کۆنتێکستی تایبەتی دەکرێ چییەتی گشت پێکهاتەکە دیاری بکەین. سەبارەت بە سێ کۆمەڵگەی گریمانەیی ئەم بەهادانانە دەکرێ هاوشێوەی خشتەی ١,١١ بێتە بەرچاو.




**لێکدانەوەی خشتەکە**: پێوەندی خزمایەتی خاڵۆ، کۆمەڵگەی A کۆمەڵگەی B کۆمەڵگەی C، لە هەرکام لەم کۆمەڵگانە، دایک و باوک، برا و دایک و خوشکەزا، پێوەندییەکی خزمایەتی کلیدی پێکدەهێنێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پێکهاتەی دووپات دەبێتەوە چییەتی ئەم پێوەندییە لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕرێت. دووپاتکردنەوەی پێکهاتەیە لەگەڵ جیاوازییەکان لە چییەتی پێوەندییەکانی نێوان ڕۆڵی کۆمەڵایەتییەک کە لە هەر کۆمەڵگەیەک هەیەتی دەگونجێت.

ئەم چەمکە لە پێکهاتە، ئاماژە بۆ کۆمەڵێکی شاراوە لە پێوەندییەکان دەکات و ژێرخانی پێوەندییە ڕاستییەکان، تایبەتی و ڕاستەقینەی تاکە دیاریکراوەکان لە بەستێنێکی لە پێش دیاری کراوە. لیڤی - شتراوس، خوێندنەوەی خۆی لە پێوەندییە خزمایەتییەکانی بۆ لێکدانەوەی تەوتەمەکان «هێماکان» و تابۆکان لە کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان و بۆ توێژینەوە چڕوپڕەکان لەبارەی ئۆستوورەکان برەوی پێ داوە. لێکدانەوەی زیاتر لەبارەی بەکارهێنانی میتودی پێکهاتەی لە گوتارە جۆربەجۆرەکانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٤ و ١٩٥٧ نووسراوە و لە یەکەم بەرگی (خەڵکناسی پێکهاتەیی(١٦) ) (١٩٥٨) «١١,٤»). کۆکراوەتەوە پەرەی سەند. بڵاوبوونەوەی خەڵکناسی پێکهاتەیی، نیشانی قۆناغێکی گرنگی جێی سەرنجی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان بوو. پێکهاتە سەرەتاییەکان (١٩٤٩، «١١,٢») گەلێک چڕوپڕ و تەکنیکی بوو. ئەم کتێبە نوێیە ڕۆڵی پێکهاتەخوازیی لە فەڕەنسا پتەو کرد. ئەم کتێبە روونی کردەوە، پلانی لێکۆڵینەوەی جێگرەوەی هەیە، لە کۆتاییدا لەگەڵ بەرنامەی ئێگزیستانسیالیزم و فینۆمینۆلۆجی ئێگزیستانسی دەگونجا کە بە بێ دژایەتی لە سەرەتای دەیەی ١٩٤٠ زاڵ بووە، ئەگەرچی دوای دەیەیەکی دیکە پێویست بوو بۆ ئەوەی پێکهاتەخوازی جێ پێی خۆی پتەو بکات. کتێبە نوێیەکەی لیڤی - شتراوس پێوەندی گرنگی لە نێوان هۆگری ڕوو لە زیادبوون بۆ نیشانەناسی دو سۆسێر و توێژینەوە پێکهاتەییە پوختەوپاراوەکان بوو کە بارت، لاکان و فووکۆ تا دەیەی ١٩٦٠ بە ئەنجامی گەیاند. ئەم وتەیە واتای ئەوە نادات، لیڤی - شتراوس، تەنانەت لەمڕۆدا

هێزێکی بەردەوام و زاڵ بۆ گەشەی پێکهاتەخوازانە نەبووە. لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ کاتێک من لە دەرس و وتارەکانی ئەو لە کلۆژۆدۆفرانس بەشداریم دەکرد. شوێنێکە ئەو بەرپرسی وانەوتنەوەی خەڵکناسی کۆمەڵایەتییە.

ئەو بە بەردەوامی لە هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر بۆچوونەکان و ڕەخنەی خەڵکناسە بەریتانییەکانی ڕادنی نیدام(١٧) پارێزگاری دەکات. لووی مارێن(١٨) (١٩٣١ – ١٩٩٢) بۆچوونی بەم شێوەیە بوو کاتێک لە دەسپێکی دەیەی ١٩٥٠ پیاوێکی گەنج بوو. ئەو و خێزانەکەی بۆ باڵاخانەی خانم و ئاغای मووریس مێرلۆ – پۆنتی بۆ ئەو شتەی لەو سەردەمەدا بە ناوی «خواردنی شێوی دۆستانە» وەسف دەکرد، بانگهێشت کرابوون. کاتێک ئەو و خێزانەکەی گەیشتنە بەرۆ، تێگەیشت ئەمەش لە ڕاستیدا میوانییەکی بچووکی نانی شێوان بووە. خانم و ئاغای مێرلۆ – پۆنتی، ئاغا و خانمی لیڤی شتراوس خانمی لاکان بوو. ئەوەی کە هەرسێکیان هاوڕێی یەکتر بوون، ڕوونکەرەوەی هاریکاری و وتووێژی تایبەتییە کە لە قۆناغی سەرەتاییەک کە پێکهاتەخوازیی زاڵبوو پڕ بەهرە بووە، ئەگەرچی مێرلۆ – پۆنتی، لە ڕێگەی بەرهەمە ڕچەشکێنەکانی خۆی وەک (فینۆمینۆلۆجی هەست پێ کردن) «١٨٤٥» دەناسرا، تەنیا دوای ساڵێک لە ئیکۆل نۆرماڵ سۆپریۆر لە پاریس خۆی بە وانەوتنەوە لەبارەی دو سۆسێر سەرقاڵ کرد. ڕووکردن لە نیشانەناسی لە لایەن مێرلۆ – پۆنتی وەک بابەتێکە هۆگری بووە، پەیتا پەیتا بە هۆی گیرۆدەبوونی بە دەسکەوتە دەروونناسییەکانی گەشتاڵت، تەنانەت زیاتر لە ڕێگەی دەسکەوتە فینۆمینۆلۆجیکییەکە ئەو، تەنانەت سەرتر لە تیۆرییەکانی گەشتاڵت کۆئلێر، گلۆب و گۆڵدشتاین دانابوو ئاوێتەی یەکتری کرد. سەرەڕای ئەوەی کە مێرلۆ – پۆنتی، لە ڕێگەی هۆگری لە ڕادەبەدەری بۆ زمان بەهای ڕاستی لە تیوری سۆسۆری نیشانەی دەستەبەر کرد. [٣] وانەکانی ئەو لەبارەی (زمان و پێوەندیدارێتی)(١٩٤٦ – ١٩٤٧) پێداگرییەکە بۆ گیرۆدەبوونی بە زمان کردوویەتی، بابەتێکە ئەو تەنیا لە فینۆمینۆلۆجی هەست پێ کردندا (١٩٤٥) جەختی لەسەر کردووەتەوە، بەتایبەتی لە نەسکی پێوەندیدار بە (تەن وەک گوتار و زمان) گەلاڵەی کردبوو.

لە دەرەنجامی هاوکاتی لەگەڵ گەڕانەوەی لیڤی شتراوس بۆ فەڕەنسا و کاری شێلگیرانەی ئەو لەسەر پێوەندییە خزمانەیەتییەکانی هاوڕێکەی، واتە مێرلۆ – پۆنتی تا ئەو کاتە، مامۆستای دەروونناسی و پەروەردەی منداڵ لە دامەزراوەی دەروونناسی «ئەنستیتۆ دۆ پسیکۆلۆژی» پاریس بوو، هەروەها شێلگیرانە هۆگری لە پێداویستییە زمانناسانە پێکهاتەییەکانی سۆسێر دەکرد. کاتێک مێرلۆ – پۆنتی لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٥٠ سەرقاڵی نووسینی جۆرێک لە تیوری ئەدەبی بوون وەک ئەوەی کە ڕۆشنایی ڕۆژی دیبێت، هەلی بۆ وتووێژی گرنگ ڕەخساند و لە سەرانسەری دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ پێکهات، تەنانەت دوای ماوەیەک لە مردنی لە ساڵی ١٩٦١ بڵاو کرایەوە. ئەوەی بە ناوی بوو بە (پەخشانی جیهان(١٩) ) (لەدوای مردنی لە ساڵی ١٩٦٩ «١١,٦٤» بڵاوکرایەوە) و بڕیار بوو لە ساڵی ١٩٥٢ تەواو بکرێت، بەڵام مێرلۆ – پۆنتی لەو ساڵەدا، لە کلۆژدۆفرانس هەڵبژێررا و توێژینەوەکانی ئەوی بەرەو ڕێگەیەکی دیکە هان دا، بەتایبەتی بۆ ڕەخنەی (دیالێکتیک) و بەرەو تیۆرییەکەی ئەو لەبارەی بینراوی لە (بینراو و نەبینراودا(٢٠) ). دوو دەقی ڕێنوێنی بوونە و لە (نیشانەکاندا) (١٩٦٠ «١١,٦٢») گونجێنراوە و لە پرسی زمانیان دەکۆڵییەوە: (فینۆمینۆلۆجی زمان) و (زمانی ناڕاستەوخۆ و دەنگە بێدەنگەکان(٢١) ).

ئەم دوو وتارە لە ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٥٢ نووسرا و ئاماژەی بە نزیکبوونەوەی نێوان فینۆمینۆلۆجی و پێکهاتەخوازی کردووە بەو چەشنەی لە کۆنتێکستی فەڕەنسەییدا لە گەشەکردندا بوو، ئەگەرچی سارتر درێژەی بە ڕەتدانەوە بنەبڕانەی پێکهاتەخوازی داوە[٤]، مێرلۆ – پۆنتی بەردەوام وردکۆڵ بوو. سارتر سەرەڕای ئەوەی کە تیۆرییەکانی خۆی لەبارەی ئەدەبیات چییە؟ لە ساڵی ١٩٤٧ بڵاو کردەوە، بەڵام تیوری خۆی بۆ کرداری گواستنەوەی ئازادی نووسەر بۆ ئازادی خوێنەر تەرخان کرد. بە بۆچوونی سارتر، نووسین لە لایەک کردەی گیرۆدەیی بوو و لە لایەکی دیکەش گیرۆدەی دەربڕینی ئازادییە. وەڵامی مێرلۆ – پۆنتی لە ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ پەخشانی جیهان هاتە ئاراوە. کۆمەڵێک لایەن لە زمان و



ڕۆلان بارت

دەربڕین هەیە و لە هیچ لایەنێکەوە ڕاستەوخۆ نییە و خوێندنەوەی ئەلگۆریتمی لەسەر ئەزموون دەستەبەر نەکردووە، نموونەی سەرەکییەکی ئەدەبیات و وێنەکەشانە. لێرەدا زمانی هەیە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، تەنانەت بە بۆچوونی مێرلۆ - پۆنتی بێدەنگەکانیش قسە دەکەین.

## ڕۆلان بارت

ڕۆلان بارت دووەم کەسایەتی سەرەکی پێکهاتەخوازیی فەرەنسایییە، هەروەها مێرلۆ - پۆنتی لە ساڵی ١٩٥٢ سەرقاڵی ئامادەکردنی وەڵامێک بۆ تیوری ئەدەبی سارتر بوو، کە لە نامیلکەی (پلەی سفری نووسین(٢٢) ) «١١,٥» خاوەنی بەهایەکی چوارچێوە سڕینەوانە بوو. ئەم کتێبە شێوازێکی تەواو جیاوازی لە ڕۆڵ و پلە و پێگەی نووسین دەستەبەر کردووە. نووسین ئیدی کردەیەکی تێگەیشتن، یان گواستنەوە نەبوو، بەڵکو دەربڕینێکە لە لایەک ڕێچکە و لە لایەکی دیکەوە زمانی پێکەوە گرێ داوە. ڕێچکەی نووسەر (لە ڕۆمانتیکەوە بگرە تا سوریالیزم، یان ئیگزیستالیست) لەگەڵ lan-guage، یان زمانی نووسەر دەگونجێت. ئەم زمانە نامۆ نییە. بە بۆچوونی بارت، زمان لە کۆنتێکست و ئەزموونی کۆمەڵایەتی بەشدارە. زمان و ڕێچکە، لە خاڵی هاوبەشی ئەم جووتە، نیشانەکانی پلەوپێگەی نووسین، لە ئەنجامدا نووسینی شۆڕشگێڕانە، یان نووسینی بۆرژوازی، یان نووسینی ڕۆمانتیکی، بە پێی زمانی تایبەتی و ڕێچکەی دیاریکراو ڕوو دەدەن. نووسینی شۆڕشگێڕانەی لەم شێوەیە بە هەمان ڕادە لە سەردەمی تۆمس جێفرسۆن، ڕۆبسپیر و برێخت هەیە، ئەگەرچی سەردەمەکان بە تەواوەتی لێک جیاوازن، تەنانەت زمان و ڕێچکەش لێک جیاوازن و نووسین خۆی دەکرێ بە (یەکسان) لە قەڵەمی بدەین. بارت ئەگەرچی تێگەیشتبوو، دەقی جۆربەجۆر بە پێی ئەم فۆرمە دووپاتکراوانەی نووسین وەسف دەکرێت ئەو هەروەها تامەزرۆی نووسینی نوێی ئالان ڕۆب گرێ(٢٣) بوو. بارت وەک (دۆزەرەوەی) ڕۆب گرێ دەناسن، کەسێک کە ڕێچکەی نووسینەکانی بە فەرمی دابڕانی بنەڕەتی لە ڕۆمانی سەدەی نۆزدەیەمە، بەڵام خودی نووسین، نیشانەی دەسپێکی زمانی بێ هەستە کە لەوێدا، سووژە ناوەندسڕینەوە دەکات و فرەڕەهەندییە دیسکۆرسیڤەکان بە شێوەی پێکهاتەیی دیاری دەکرێن. چاوحیزی و ئیرەیی، نموونەیەکی لە ڕادەبەدەری زمانیی بێبەری لە سۆزن، یان لانی کەم سۆز بەو چەشنەی کە نووسەرە فرەزانەکانی سەدەی نۆزدەیەم وەسفی دەکەن، هەروەها کە سۆز هەیە، بەڵام لە لایەنی ئاستەکان و شێوازەکانی کاریگەریدانانی لایەنەکان وەسف دەکرێت.

بارت دوای بڵاوکردنەوەی توخمە نیشانەناسییەکان «١١,٧» لە ساڵی ١٩٦٤ دواتر پرۆسەی ڕەخنەیی خۆی بە نووسراوە تیوریکییەکان گرێ دا. لەم کورتە بڕگەیەدا کە لە بنەڕەتەوە لە لێک تێگەیشتنەکانی گۆڤاری فەرمی خوێندنگەی بەکارهێنانی توێژینەوە باڵاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی کردەوە، بارت نەخشەی گشتی (تیوریی نیشانە) دادەڕێژێت، پێوەندی دەلالەتکەر/ مەدلوول(٢٤)، پێوەندی زمان/ ئاخافتن(٢٥)، گرێدانی نێوان ناوکاتی/ هاوکاتی و لێکدژی نێوان واتای سەرڕاستی و واتای پاڵەکییە، بەڵام ساڵی چارەنووسسازی ساڵی ١٩٦٦ بوو و شایەدی بڵاوبوونەوەی ڕەخنە و ڕاستەقینەی ئەو «١١,٨» یادداشتەکانی لاکان «١١,١٥» و ڕێکخستنی شتەکانی فووکۆ «١١,١٧» بووە. لە دەرەنجامدا بە درێژایی دەیەیەک لە دوای ئەوەی کە بارت (پلەی سفری نووسین) دەخولقێنێت، پێکهاتەخوازی لە کۆتاییدا گەشەی کرد،

توخمە نیشانەناسانەکان، بواری ئەم ساتە گەورە تەیار دەکەن.

بارت لە کۆڕێکی خۆی لە خوێندنگەی بەکارهێنانی توێژینەوە باڵاکان من ساڵێکی تەواو لە ١٩٧١ - ١٩٧٢ بەشداریم کرد، ئەوەی کە بە (دوایین دەیەی نیشانەناسی) ناودێری کردبوو پێداگری لەسەر کردبوو. ئەو ساڵی ١٩٦٦ بە خاڵی وەرچەرخان ناودێر کردبوو. دوای ساڵێک ژان - لۆک گۆدار، فیلمی شۆڕشگێڕانەی خۆی «چینی» بەرهەمهێنا (لە پێشدا ئاگادارکردنەوە شۆڕشە خوێندکاری - کرێکارییەکانی ١٩٦٨)یە و دریدا گوتار و دیاردەکان «١١،٣٠»، سەبارەت بە گراماتۆلۆجی «١١،٢٩» و نووسین و جیاوازی «١١،١٣» بڵاو دەکاتەوە. لە کۆتاییدا تا ساڵی ١٩٦٧ قۆناغێکی تەواو نوێ دەستی پێ کردبوو، بە هۆی نەبوونی وشەیەکی وردبینانەتر، ئەم قۆناغە بە پاش پێکهاتەخوازی ناودێر دەکرێت، ئەگەرچی هێشتا گەلێک کەس هەبوون دوای دەیەیەکی دیکە گێڕۆدەی پێکهاتەخوازی بوون و زۆربەی تیۆرییەک کە بە پاش پێکهاتەخوازی ناودێرکرابوو، پشت ئەستوور بە زمانەکان و وانە پێکهاتەخوازییەکان درێژەیان پێ دا.

هەرکە هەڵەکە ڕەخسا و ئەم زاراوەیە لە توخمە نیشانەناسییەکان «١١،٧» ڕوون بووەوە، بارت خۆی دەستی بە بڵاوکردنەوەی زیاتری هەڵوێستەکانی خۆی کرد. ئەو دەستەیەک لە تیۆرییە ڕەخنەییەکانی ڕەت دایەوە نووسەر و ئامادەبوونی نووسەر پلەوپێگەی تایبەتی هەیە. لە وتارە بە ناوبانگەکەی (لە بەرهەمەوە تا دەق(٢٦) ) ( ١٩٧٠ «١١،١٠») بە ڕوونی جیاوازییەکی زۆری لە نێوان چەمکی نەریتی (بەرهەم) و چەمکی خودی (دەق) دادەڕێژێت. (بەرهەم(٢٧) لە کردەی منداڵییەوە بەرهەم دێت. نووسەرێک بەرهەمێک دەخولقێنێت لەو کاتەدا (بڕگەیەک لە جەوهەرە و بەشێک لە فەزای کتێبەکان (بۆ نموونە کتێبخانەیەک) داگیر دەکات).[٥] نووسەر پێویستی بە داسەپاندنی دەسەڵات بەسەر واتای بەرهەمدایە.

ڕەخنەگر دەیەوێ لە واتای نووسەرەکە تێ بگات. ئەم کەڵکەڵە هیرمینۆتیکییە بەسەر توێژینەوەی بەرهەم پێوەر زاڵە، ئەم بابەتە لە تایبەتمەندییە زاڵەکانی تیۆری سارتر بوو. بارت پێشنیاری ئەوە دەکات، پێداگری لە دەق بکەین، دەقێک کە ئەو بە ناوی (مەیدانی میتودناسانە) وەسفی دەکات. ئەو لێکی دەداتەوە: (بۆ کاردانەوە دژ بە نیشانەکان دەکرێ لەسەر دەق بکۆڵێنەوە و ئەزموونی بکەین. بەرهەم بە مەدلوولێک دەگات) (p. 158) ئەم وتەیە واتای ئەوە دەگەیەنێ دەکرێ دەق بە پێی سیستمی نیشانەکان بیخوێنینەوە تێدا بەشدارە، ئەمە لە کاتێکدایە بەرهەم لەسەر واتایەکە مەبەستییەتی چەقی بەستووە. فرە ڕەهەندی دەق، بۆ تۆڕێکی تەواو و چڕوپڕ نێوان دەقییەتی کە بەرهەم ڕێگری لێ دەکات هەڵدەڕەخسێنێت. ئەو دەنووسێت (دەق مەحکوومە بە ژوێسانس(٢٨)، واتە چێژ بە بێ دابڕان) (p.164) دوای دوو ساڵ بارت (چێژی دەق(٢٩) )ی بڵاوکردەوە(٣٠). بە بۆچوونی بارت دەق پێوەندی بە ئۆبژە، یان تەنانەت کردەی داهێنەرانەوە نییە، بەڵکو دەق شوێنە، شوێنێکە بۆ خوێندنەوە، شوێنێکە لەوێدا چێژ ڕوو دەدات. بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەق، شتێک ڕوو دەدا. تۆڕێکی چالاکیی دەلالەتکارانەی دەق دەردەکەوێت.

بارت لە پێشەکی «S/Z ( ١٩٧٠) لە پێشدا ڕوونی کردبووەوە، جیاوازی نێوان دەقی (خوێنەرخواز lisible خوێندنەوەیی)» و (نووسەرخواز scriptable) جیاوازی لە نێوان دەقێک کە تەنیا بۆ چێژێک کە هەیەتی دەخوێنرێت و دەقێکە وەک مەیدانی میتودناسانە دەخوێنرێت دیاری کردووە، مەیدانێکە لە کۆدەکان و سیستمە نیشانەییەکان بە چڕوپڕی باس دەکرێت و لە بەردەستی کۆدکردنەوەی وردبینانە جێگیر کراوە. بارت دەنووسێت (دەقی نووسەرخواز، شتێک نییە لە وەرگرتنەوەکەی لە کتێب فرۆشی بەرەوڕووی کێشە بینەوە).[٦] دەقی (نووسەرخواز، ڕۆمانخوازانەیە، بەڵام بێ ڕۆمانە، شاعیرانەیە، بەڵام بەبێ شیعرە، ناملیکەیە، بەڵام بەبێ وتار، نووسراوە بەبێ ڕێچکە، بەرهەمهێنان بەبێ بەرهەم، پێکهاتەیی بەبێ پێکهاتە) (p. 5) نووسەرخواز کەشێکی میتودناسانە و تیۆری داگیر کردووە و بەرهەمەکانی هاوشێوەی دەقی خوێنەرخواز نییە. بارت لەم چوارچێوەدا، پێچن کۆدی جۆربەجۆری دارشتووە و شتێکی پێکهێناوە ئەو بە (دەقی فرەڕەهەند) ناودێری کردووە و دەقی فرەڕەهەندی، دەقێکی نووسینخوازانەیە و بە شێوەی ڕەخنەیی



لاکان

دەردەکەوێت. ئەم پێنج کۆدە بریتین لە کۆدی سیمک (لێکدانەوەی دەلالەتکار)، کۆدی هیرمینۆتیکی (دەرخستنی مەتەڵ) کۆدی سیمبۆلیکی (توخمێک لەباتی توخمێکی دیکە جێگیر کراوە)، کۆدی کردارخوازانەی (کۆدی کردە) و کۆدی ئاماژپێدانی (نیشانکەرە کولتوورییەکان لە چیرۆکدا دیاری دەکرێن). ئەم کۆدانە، تاکە کۆدی ڕێگەپێدراو بۆ خوێندنەوەی دەقەکانن، ئەگەرچی بارت بۆ هەڵبژاردنیان کۆتایی ناکات، بەڵام ئەوە پەسەندکراوە کۆمەڵەی جێگرەوەی کۆدەکان بە باشی کۆمەڵەیەک کە بارت کەڵکیان لێوەردەگرێت کار بکەن. بارت کاتێک بەرەو ڕووی بابەتێکی کۆن دەبێتەوە، مەبەست ژیاننامەی خۆنووسە گەلێک بوێرانە بەرەو ڕووی دەبێتەوە. بەڵام شێوازێکی بنەڕەتی نوێی هەیە. (ڕۆلان بارت) (١٩٧٥ «١١،١٢» کە لایەن ڕۆلان بارت نووسراوە، بە دڵنیاییەوە دابڕانێک لە شێوازێکی نەریتی لە کاتی نووسین سەبارەت بە ژیانی خۆیەتی. ئەو ژیانی خۆی نەک بە پێی سووڕی ساڵانە کە ئەویش بە پێی ڕیزبەندی ئەلف و بێی بابەتەکانە، ناواخن و لێکدژییەکان ڕێک دەخاتەوە کە لە ژیانیدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. لە ڕوانگەی کرۆنۆلۆجییە باوەکان، دەکرێ ئەوانە لە دوو لاپەڕەی پشتی ئەم نامیلکە بیدۆزینەوە. نەدەبوو بارت وەها زوو ماڵاوایی لە دنیا بکات. ماشینێکی گواستنەوەی شیر لە دەرەوەی کلۆژدۆفرانس کردی بە ژێرەوە، شوێنێکە ئەو لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ کورسی نیشانەناسی هەڵیانبژاردبوو. کاتێک ئەو لە ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کرد، تەمەنی شەست و پێنج ساڵی بوو.

## ژاک لاکان

لەبەرانبەردا ژاک لاکان لە ساڵی ١٩٠١ ساڵێک لە دوای هانس - گیۆرگ گادامێر لەدایکبوو و تا تەمەنی پوختەیی و پیری، هەشتا و یەک ساڵ تەمەنی بوو. کاریکاتۆرێکی سەرنجڕاکێش لە لیڤی شتراوس، لاکان، بارت، فووکۆ و میشل لێریس هەیە، بارت لە (ڕۆلان بارتی) خۆیدا دایناوە. هەموویان پێکەوە بە تەنوورە تاهیتییەکان دانیشتوون، ئەگەرچی هەموویان تەمەنی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە دەوری پرۆژەی پێکهاتەخوازانە کۆبوونەتەوە.

لاکان بنەمای دەروونشیکاری پێکهاتەیی دامەزراند. توێژینەوە سەرەتاییەکانی لە ساڵی ١٩٣٦ ئەوی لە قۆناغی ئاوێنە، سەرەتا لە مارینباد(٣١) پێشکەش کرا. (دواتر ڕۆب گرێ لە فیلمی ساڵانی ڕابوردوو لە مارینباد بووە هۆی ناودەرکردنی). تیوری لاکان تاڕادەیەک سادەیە. منداڵی لە سەرەتاوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان خۆ و دایکی دانانێت. جیهانی هەستەکی دەوروبەری ئەو بە تەواوەتی یەکگرتووە. منداڵ پەیتا پەیتا، جیاوازی نێوان خۆی و دایکی بۆ دەردەکەوێت. ئەم جیاوازییە کاتێک ڕوون دەبێتەوە سەیری ئاوێنە دەکات و ئیدی جووڵە، یان کەسی دیکە نابینێت، بەڵکو ئەم ئەوەکی نێوان ئەوەی دەیبینێت و خۆی دیاری دەکات. منداڵ دەستی خۆی دەجووڵێنێت و وێنەکەش دەستی دەجووڵێنێت و هاوشێوەی ئەمانە. لەم کاتەدا منداڵ بۆی دەردەکەوێت، وێنەی ئاوێنەکە خۆیەتی، بەڵام لەم کاتەدا باوک نێوبژیوانی دەکات. «ناوی باوک/ ناوی باوک/ دڵناپاکی گەڕۆک» هەموویان شێوازێک لە ڕێگرین.

باوک لە ڕێگەی ناو و ڕێگرییەکان هەرچی بێت، ئەو تاڕادەیەک ئێرەیی بە پێوەندی نزیکی نێوان منداڵ لەگەڵ خێزانەکەی دێت. لە هەوڵی ئەوەدایە، هەموویان لەناو ببات، ڕەتدانەوە دەناسێنێت، یاسای باوکانەکەی (نا)کەیەتی. باوک دەبەنگ نییە، ئەو دەزانێ چی دەوێ و دەزانێ چی ناوێت. ئەو لە ڕێگەی ناوبژیوانی لە نێوان



**فووکۆ**

منداڵ و دایک، دەسەڵات، ویست و ناوی خۆی دەسەپێنێت. ئێستاکە منداڵ ناتوانێ جیاوازییەکە دیاری بکات، ئەم ڕەتدانەوەیە چالاک نییە. باوک ویستی خۆی دەسەپێنێت و منداڵ فێری دەبێت بۆ ئەوەی شوناسی خۆی بسەلمێنێت، بۆیە قۆناغی ئاوێنە، ساتێکی چارەنووسسازە و منداڵ شوناسی تایبەت بە خۆی دەدۆزێتەوە. جێگیرکردنی نوسخەی هەڵەچنکراوی (قۆناغی ئاوێنە) لە یادداشتەکان. (١٩٦٦ «١١,١٥») لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە وتارەکان گرنگی هەیە. ساڵی ١٩٦٦ کۆنفرانسێک لە زانکۆی جۆنز هاپکینز بەڕێوەچوو و دواتر بە مشتومڕی پێکهاتەخوازانە ناودێرکرا، ئەگەرچی ریچارد مەکسی و ئۆجنیۆ دۆناتۆ هەڵەچنەکانی ئەم گۆڤارەیان لە ئەستۆ بوو، بەڵام ڕێبەری ڕێنێ ژێرار(٣٢) چارەنووسساز بوون، بۆ نموونە لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ لە ستانفۆرد کەسێک گوێی لە تاقیکردنەوەی جۆنز هاپکینز بووە و دەستەیەک لە مامۆستایانی ئەدەبیات کە گیرۆدەی مودێلی کۆنتری توێژینەوەی ئەدەبی بوون و بە قووڵی دژی دیمەنی جۆنز هاپکینز دەوەستانەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، ڕێنێ ژێرار ئێستا مامۆستای زانستە مرۆییەکانە لە زانکۆی ستانفۆرد و دوای ئەوەی کە زانکۆی ویلایەتی نیویۆرک لە بۆفالۆ بۆ ماوەیەکی کورت تاقی کردەوە. ساڵی ١٩٦٦ لاکان یەکێک لە وتارخوێنەکانی کۆنفرانسی هاپکینز بووە. ژان هیپۆلیت و ژاک دریدا، کۆمەڵێک وتاریان پێشکەش کرد. ئەم کۆنفرانسە ساتێکی گرنگ بوو و وتارەکەی لاکان لانی کەم بە ڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە. ناونیشانی وتارەکەی ئەو بریتی بوو لە (پێداگری پیت لە ناهۆشیاری)(٣٣)دا، وتارێکە لە یادداشتەکاندا دەردەکەوێت. پرسەکە ئەوەیە، زنجیرەی دەلالەتکارەکان چۆن سنووری مەدلوول دیاری دەکات و ڕێگری لێ دەکات؟ مەدلوول بە تایبەتی بە شێوازێکی تەوساوی بۆ دەستەبەرکردنی دەلالەتکارەکان ڕێگری لێ دەکرا. ڕەتدانەوەی مەدلوول، وەرچەرخانی دەلالەتکاری لە نیشانەیەک بەرەو نیشانەی دوایی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام دەستمان بە مەدلوول ناگات. سنووری نێوان دەلالەتکار و مەدلوولی بەهێز و خۆڕاگرانەیە.

لە هەندێک کەیسدا، دەلالەتکار دەستی بە مەدلوول ناگات و دەبێت بە پێی ئەو سەرکوتانە کار بکات. لەبارەی خوازە لە پێش دیاریکردنی دوو هێندەی مەدلوولەکان بۆ دەلالەتکاری تایبەتی دێتەئاراوە، ڕێگری لەم کەیسانەدا لاوازە و فرە واتایی خۆی دەسەپێنێت. لە سەرانسەری لێکدانەوەکەی لاکاندا (ناهۆشیاری هاوشێوەی زمانێک، پێکهاتەکراوە). لە شوێنێک کە ڕێگری لە زماندا هەیە، ڕێگری لە ناهۆشیاریشدا هەیە، بەڵام بە بۆچوونی لاکان، هەر شتێک کە لە ناهۆشیاریدا هەیە بە پێی گەمەی دەلالەتکارەکان دەخوێنرێتەوە. کاتێک سەرکوت بەرهەم دێت، پیت ناتوانێ لە مەدلوولدا بمێنێتەوە. واتا دوادەکەوێت، ڕەوتێک لە وشەکان و دەربڕینەکان دوابەدوای یەکتری دێن، بەڵام پێوەندی لەگەڵ مەدلوول سەرکوت دەکرێت. بە بۆچوونی لاکان، هەروەها لە لای دریدا لە خۆیەتی ناوەند داماڵی دەکرێت و سووژە لە سەرانسەری زماندا بڵاودەکاتەوە. زمان خۆیەتی، زمانی زنجیرەی دەلالەتکارەکانە، سووژە لە خۆیدا بزر دەبێت.

## میشل فووکۆ

بابەتی سووژەی بزر، بە تایبەتی لە فەلسەفەی میشل فووکۆ زەق دەبێتەوە. مردنی لەناکاوی بە هۆی نەخۆشی ئایدز لە تەمەنی پەنجاوهەشت ساڵی لێکەوتەوە. فووکۆ لە شاکارە بەناوبانگەکەی (ڕێکخستنی شتەکان) «١١,١٧» لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاو کرایەوە، بابەتی سووژەی بزر، جگە لە خوێندنەوەی ئەو لەسەر

ڤێلاسکێسە، بەڵکو لێکدانەوەی ئەو لە زانستە مرۆییەکانی هاوچەرخیشدا زاڵە، بە بۆچوونی بیرمەندانی هاوچەرخ (پاش پێکهاتەخوازەکان، یان ئەو شتەی لەمرۆدا بە پاش مودێرن دەناسرێت) هیچ سەرچاوەیەکی چەقبەستووی شوێنی تاقانەی چەقبەستن و هیچ سووژەیەژی ئامادە بوونی نییە بەو جۆرەی کە سەردەمانێک بۆ قۆناغی نوێ هەبووە. خوێندنەوەی فووکۆ بۆ سەرچاوەکان لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەو لەسەر پراکتیزە دیسکۆرسیڤەکان جیا دەبێتەوە، هەروەها کە ئەو لە (ڕێکخستنی شتەکان) پیشانی داوە وەها نییە مێژوو لە ساتێکی تایبەتی دەستی پێ کردبێت و دواتر بە شێوازی هێڵی لە دوای ئەوە درێژەی پێ بدرێت، بەڵکو ساتەکانی زاڵبوونی هەندێک لە پراکتیزە دیسکۆرسیڤەکان بۆ ماوەیەکی زۆر زاڵ دەبێت و دواتر جێگەی خۆی بە زنجیرەیەکی نوێی پراکتیزە دیسکۆرسیڤەکان دەدات. لەو شوێنەی کە پراکتیزی دیسکۆرسیڤ بە کۆتایی دەگات، پراکتیزێکی دیکە دەست پێ دەکات، کەواتە سەرچاوەکە لە شوێنێک ڕوو دەدا، پراکتیزی دیسکۆرسیڤی نوێ بۆ دەسپێک ڕووی دابێت، بەڵام پراکتیزی نوێی لەم شێوەیە لە کوێ و لە چ کاتێکدا ڕوو دەدات؟ ڕوونە ئەوانە لە ساتە دیاریکراوەکان لە کاتێکی وەک مێژوویەک، یان ساڵێک ڕوو نادات.

هەندێک لە پراکتیزە دیسکۆرسیڤەکان بە پێی ناولێنانەکانی فووکۆ، پێوەندی بە کەشی تیوریناسانەی تایبەتەوە هەیە و لە کەشێکی تیوریناسانەی نوێوە گەشە دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە هەندێکی دیکە لەناو دەچن، بەڵام پراکتیزی دیسکۆرسیڤ چییە؟ بە بۆچوونی فووکۆ پراکتیزی دیسکۆرسیڤ، تێکڕای زنجیرەی بەڵگەیەکە لە قۆناغێکی پەرەپێدراوی گشتی لەبارەی کاتەوە سەریان هەڵداوە. قۆناغێکە لەوێدا بابەتەکان، یان ئایدیا هاوبەشەکان بە درێژایی ئەو قۆناغە لە جۆرە بەربڵاوەکانی لقە زانستییەکان و لایەنەکانی بەرهەمهێنانی زانستی مرۆیی بەرهەم دەهێنرێن. بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدە، پێوەندی نێوان زیندەوەرناسی، ئابووری و وشەناسی بە تەواوەتی نەشیاوە، بەڵام فووکۆ ڕوونی کردەوە، ئەوانە بە پێی یەکێتیی چەمکی تاڕادەیەک تاکێتییانە، یان ئەو شتەی کە فووکۆ بە ئێپستمە ناودێری کردووە پتەو دەبێت. فووکۆ بۆ کەشی بەربڵاوی سەدەی نۆزدە، بابەتێکی باسکراو لە ڕێگەی ئەو شتەی کە بە (خەڵکناسی) ناودێر دەکرێت بە یەکسان لە قەڵەمی داوە. [٧] ئەم ئایدیا تایبەتییە کانتییەی کە تێبینی ئەزموونیی (ئۆبژەیی) بەردەوام دەبێت لەگەڵ زنجیرەیەکی بەرزەجێی (سۆبجێکتیڤ) لە مەرجەکان تێی بگەین لە پێوەندیدایە، ئەمەش بەسەر پراکتیزی دیسکۆرسیڤی سەدەی نۆزدەدا زاڵە. بابەتی سۆبجێکتیڤتە بە هۆی پێوەندی لەگەڵ ئۆبجێکتیڤییەتی، باڵی بەسەر تێگەیشتنی سەدەی نۆزدە لەسەر ژیان، ئیش و زماندا کێشاوە، بۆیە پراکتیزە دیسکۆرسیڤەکانی سەدەی نۆزدە، خۆی لە جۆرەکانی کۆنتێکستدا دووپات دەکاتەوە و هەموویان بە ڕوونی پێوەندییان پێکەوە نییە، کەواتە ئەم جیاوازییانە ئێپستمەیەک پێکدەهێنن. ئێپستمە لە سەدەی نۆزدە جێگەی ئێپستمەی لە (قۆناغی کلاسیکی) گرتەوە. ئەم کەشە تیوریناسینە پێشییانە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دیکەی پراکتیزە دیسکۆرسیڤەکانە دیاری دەکرێت، بەتایبەتی ئەوان، پۆلێنی جۆرەکان، شیکاری داهات و گرامێری سروشتییە. ئەوەی کەسەکە کەڵکەڵەی تەواو ناپێوەندیدار حسێبی بۆ کراوە، لێرەدا پێوەندی گرێ دەدرێن و لەم لایەنەوە هەرکامیان تایبەتمەندی ئێپستمەی (قۆناغی کلاسیکی)، واتە (نواندنەوەی) پیشان داوە. بە پێی خوێندنەوەی فووکۆ لەبارەی قۆناغی سەدەی حەڤدە و نەوەی یەکەمی سەدەی هەژدە، ئایدیای (نواندنەوەی) پلاندارێژی، یان بە گریمانەکردنی ئایدیاکان لە زەیندا، چوارچێوەی شێوازی بە تایبەتی (کلاسیکی) بیرکردنەوەی پێکدەهێنا.

پێوەندی نێوان ئەم ئێپستمە کلاسیکییە و ئێپستمەی سەدەی نۆزدەیەم کەمتر لە پێوەندی نێوان پراکتیزە جۆربەجۆرەکانی هەرکامیان لەم بڕگە کاتییە پێوەندیدارە گرنگی هەیە. سەرچاوەی ئێپستمە، دەسپێکی ئێپستمە نییە. ئێپستمەی تایبەتی لە ڕێگەی زاڵبوونی تایبەتی دیاری دەکرێت. شوێنێک لە ئێپستمە زاڵ دەبێت، هەمان شوێنی سەرچاوەکەیەتی. شوێنی زاڵبوون بەسەر لفەودوانەی ئەزموونی - بەرزەجێی هەمان سەرچاوەی ناو ئەو چوارچێوەیە لە هەر کەیسێکدا لە چیدایە؟ شوێنی سەرچاوە لە سەرانسەری کەشی تیوری ناسانەدا

پەرشوبڵاو بووەتەوە، واتە لە شوێنێک ڕوودەدات، پڕاکتیزی دێسکۆرسیڤی پیشان داوە. لە ئەنجامدا سەرچاوە لە زۆر شوێندا جێگیر بووە. لە زۆر شوێنی خودی فەزای تیوریناسانە سەرلەنوێ دەردەکەوێت. لە سەدەی نۆزدەیەم لفەودوانەی ئەزموونی - بەرزەجێی جگە لە هیگڵ و هۆلدەرلین، بەڵکو هەروەها لەم کەسانەی خوارەوە هەیە. زیندەوەرناسەکانی وەک کۆڤیە(٣٤) (تیوریی "سەلماندنی جۆرەکانی" دژ بە نهێنی مێژوویەتی مرۆیی جێگیر دەبێت)، ئابووریناسەکانی وەک ڕێکاردۆ(٣٥) (بەبۆچوونی ئەو مێژووی میکانیزمێکی قەرەبووکراوی مەزنە) و وشەناسەکانی وەک شلێگل(٣٦) (لە ڕێگەی نامیلکەیەک لەساڵی ١٨٠٨ لەبارەی زمان و فەلسەفەی هێندییەکان) و وشەناسێکی وەک گرێم (بەتایبەتی لە بەرهەمەکەی ساڵی ١٨١٨ خۆی بەناوی «گرامێری ئەڵمانی» و بووپ(٣٧) (توێژینەوەکەی لە ساڵی ١٨١٦ لەبارەی سیستمی گەردانکردنی سانسکریت بوو بە بابەتێک بێ توێژینەوە). هەرکام لەمانە خۆیان وەک سەرچاوەیەک پێکدەهێنا، شوێنێک کە خۆی بە چەمکی (مرۆڤ) وەک سووژە - ئۆبژە دێتە ناو ئەم بەرهەمهێنانە دیسکۆرسیڤە، ئیدی وەها نییە زمان بۆ نموونە لەناو وشەکان و شتەکان کار بکار و کارپێکەرێکی نواندنەوەی لێ بکەوێتەوە و لە سەدەی نۆزدە خودی وشەکان بابەتی ئۆبژە پێکدەهێنن. بابەتێک بۆ وردبینی و لێکدانەوە لە ڕێگەی پڕاکتیزە زانستییەکان بەتەمابوو سەبارەت بەوانە و پێوەندییەکانی نێوانیان داوەری بکات، کەواتە سەرچاوە بە بۆچوونی فووکۆ، سەرچاوەیەک نییە هەموو ڕووداوە مێژووییەکانی لێ بەرهەم دێت. سەرچاوە دەسپێک نییە لەوێوە مێژوو دەست بداتە خۆ دەرخستن. سەرچاوە، دەسپێکێک نییە گەشەی لێ نەکەوێتەوە. سەرچاوە ساتێک ساز ناکات بەر لەوە، شتیکی دیکە ڕوونادات. بە پێچەوانەوە سەرچاوە لە زۆر شوێن لە ناو چوارچێوەی کاتی ڕوودەدات و ئەوانە لە ڕێگەی پڕاکتیزی هاوبەش کە ئاگای لە هاوبەشی خۆی نییە گرێ دەدەن.

پرۆژەی فووکۆ لەبارەی سەرچاوە لە سەرانسەری چەشنێک لە لایەنی میتودناسانە (بەپێی ناولێنانی بارت) بڵاو دەکاتەوە. داواکاری ئەو لە خوێنەری ئینگلیزی زمان بۆ چاوپۆشی لەو (زەینە بچووکانەی بۆ ئەوەی بە پێکهاتەخواز لە قەڵەمیان بدەن پێداگریان دەکرد) پیشانی دەدات، ئەو لە پێشدا، سەرتر لە دووپاتکردنەوەی تەنیای میتودە پێکهاتەخوازانەکان جێگیر دەکرێت، ئەگەرچی کۆنینەناسیی زانستی خودی ئەو دەکرێ بە گشتی هاوکاتی لە قەڵەم دەرێت، بەڵام پشتی بە هەڵسەنگاندنی قۆناغەکان بەستووە، یان بڕگە کاتییەکان بە مەبەستی بەراوردی بڕگەیەکی کاتی لەگەڵ بڕگەیەکی دیکەیە. ئەوەی فووکۆ ڕەتی دەکاتەوە پێویستی چەمکی بەردەوامی لە بەرژەوەندی نابەردەوامییە. پێکهاتەخوازەکان لە پێشدا سەقاڵی دیسکۆرسی ڕابوردوو بووە، نیتشە و مالارمێ وەک کەسایەتییەک پشتی پێ بەستووە، ڕوونکەرەوەی جیابوونەوەی لە لفەودوانەی ئەزموونی - بەرزەجێی کۆنتری قۆناغی نوێیە. ئەوان ڕوونکەرەوەی دەسپێکی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەیە و بڵاوکردنەوە، تەوس و ناوەندسڕینەوە لە سووژە زاڵەکانی بەرهەمهێنانی زانستە.

لە شوێنێک کە سارتر لە ساڵی ١٩٣٦ خۆی بەرزەجێی بڵاوکردەوە کە خۆیەتی، یان ئیگۆ ناتوانێ لە ئاگامەندیدا جێگیر بکرێت، بەڵکو لە باشترین شێوازەکەیدا، ئۆبژەی ئاگامەندین و فووکۆ لە ساڵی ١٩٦٦ ئەم بانگەشەیەی لە کۆنتێکستێکی مێژووییدا جێگیر کرد. ئەو کۆتایی قۆناغی مودێرنخوازی لە کۆتایی سووژەی چەقبەستوو، خۆیەتی زاڵ و (منی) ناوەندی جێگیر دەکرێت. هاوشێوەی شێتەکەی نیتشە لە شەقامەکان ڕای دەکرد و (مردنی خودای) جاڕدابوو، سارتر لە پێشدا بانگەشەی (کۆتایی مرۆڤی) ڕاگەیاندبوو، بەڵام بە واتایەکی کە دوای سی ساڵ بە تەواوەتی لی تێنەگەیشتن. وەرچەرخانی زمانیی لە فەلسەفەی قاڕەیی، فۆرمێکی جیاوازیی لە هەمبەر ئەم وەرچەرخانە لە نەریتی شیکاری لەخۆ گرتبوو. ئەم وەرچەرخانە کاتێک تەواو ڕوودەدا، تیوری ناسینی سۆسۆر بوو بە بنەمایەک، زمان، کولتوور و بەرهەمی زانستی بە پێی ئەو بنەمایە لی تێدەگەیشتن. فووکۆ، شیکاری پێکهاتەی خزمایەتی، تەوتەم و ئۆستوورەکانی لە لیڤی - شتراوس، زنجیرەی دەلالەتکارەکانی سووژەی بەردەنگ لە لاکان، شیکاری نیشانەناسانەی دەق و کولتوور لە بۆچوونی بارت لە کۆنتێکستدا جێگیری کرد. لەم لایەنەوە فووکۆ لە پێشدا دەکەوێتە دوای پێکهاتەخوازی، چونکە دەکرێ ئەوانە

وەک جێگرەوە لە قۆناغێکی زەمەنی جێگیر دەبن. سەرهەڵدانی دوایی ڕەچەڵەکناسیی فووکۆ، تێکوپێکهێنانی درێدا، مونادۆلۆجی nomadologie دۆلۆز، واتا کۆڵینەوەی کریستوا لە شکۆدارییەکانی پاش مودێرنانەکانی لیۆتار، هەمووی بابەتی باسی دیکە لە مێژووی بیرکردنەوەی قارەییدایە، هەرئەوەندە تەواوە بڵێین، پێکهاتەخوازی ڕۆڵێکی چارەنووسسازی بۆ دەستەبەرکردنی جێگرەوەیەک بۆ فینۆمینۆلۆجی ئیگزیستانس و تەواوکەری بۆ ئەو هەیە. ئەوەی لە دوای پاش پێکهاتەخوازی (و لە دوای سووژەی نوێ) دێتەئاراوە، کەسانێکی وەک فووکۆ دەناسێن خۆیان لە لایەک لەگەڵ فینۆمینۆلۆجی و لە لایەکی دیکەش لە ڕێگەی پێکهاتەخوازەکان دەناسرێن، هەروەها لە شوێنێکەوە جێگیر بکرێن، جێگەی ئەوان بگرێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**1-semiology**
**2-Course in General Linguistics.**
**3-signifier? ((signifiant))**
**4- signified? ((signifie))**
**5-onomatopoeia**
**6-syntagm**
**7-diachrony**
**8-synchrony**
**9-arete.**
**10-Elements of Semiology**
**11-Roman Jakobson**
**12-Fundamentals of Language**
**13-aphasia**

**١٤-ڕۆڵی خوازە و تەوس دواتر لەگەڵ ئەو شتەی کە فرۆید لە کتێبی شرۆڤەی خەونەکان بە (ترنجان condensation) و (جێگۆڕکێ displacement) ناودێری کردبوو، گرێی داوە. لە ئەنجامدا خوازەی وەک جێگۆڕکێ و ترنجان بۆ نموونە پێویستی بە جێگۆڕکێی باوک لەگەڵ ورچێکی گەورە لە خەون و خەیاڵی منداڵێکی کوڕدایە، ئەمە لە کاتێکدایە تەوس وەک نزیکایەتی و جێگۆڕکێ بۆ نموونە بۆ خەونێک شێری ئاوی باخی هاوسێ، لەباتی حەزی ئەو بۆ هاوسێی لێ دەکەوێتەوە. لە تیوری سیاسی پێکهاتەیی ئەوەی سەرنجڕاکێشتر لە هەموویەتی ئەوەیە لە لایەن لیڤی ئاڵتووسێر لە وتارێک بە ناوی (فرۆید و لاکان) لە لینین و فەلسەفە «١١,٢٣» گەلاڵەکرا، خوازە لە ڕەگەی لە پێش دیاریکردنێکی دوو هێندەوە لە خوێندنەوەی دەق، یان کۆنتێکستی سیاسی پێکەوە پێوەندییان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە وەک لە پێش دیاریکردنی ناتەواو دەنوێنرێتەوە. ئاڵتووسێر بۆ گەلاڵەی ئەم خاڵە، پشتی بە لێکدانەوەی خوازە و تەوس بەستووە کە لاکان لە وتارە بەناوبانگەکەی بە ناوی (پێداگری لەسەر پیت لە ناهۆشیاری) لە یادداشتەکان «١١,١٥» جێگیری کردووە، «بڕواننە پاشکۆی ئەم بەشە».**

**15-The Elementary Structures of Kinship**
**16-Structural Anthropology**
**17-Rodney Needham**
**18-Louis Marin**
**19-The Prose of the World**
**20-The Visible and the Invisible**
**21-Indirect Language and the Voices of Silence**
**22-Writing Degree Zero**
**23-of Alain Robbe-Grillet**
**24-signifier/signified**
**25-langue/parole**
**26-From Work to Text**
**27-The ?work? (oeuvre, opera, Werk)**
**٢٨- Jouissance چێژێکی لە ڕادەبەدەر وەک شاگەشکە، یان پیرانکردن.**
**29-The Pleasure of the Text**
**30- (1973, ((11.11)).**
**31-Marienbad.**
**32-Rene? Girard.**
**33-The Insistence of the Letter in the Unconscious.**
**34-Cuvier.**
**35-Schlegel.**
**36-Grimm.**
**37-Bopp.**

**سەرچاوە:**

**فەلسەفەی قارەیی لە سەدەی بیستەم، ڕیچارد کێرنی، وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی مریەمی خدادادی، تاران، ساڵی ١٣٩٧، دەزگای چاپی حیکمەتی، لاپەڕە ٥٥١ - ٥٧١.**